فڕۆکە جەنگیەکان لەسنوری حەمرین بۆردومانێکیان ئەنجامدا

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق رایگەیاند، لەڕێگەی فڕۆکەی F16ەوە هێرشە ئاسمانییەکانی عێراق حەشارگەکانی داعشیان لە زنجیرە چیای حەمرین کردە ئامانج.

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، فڕۆکەی ئێف 16ی عێراقی بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی و بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ شانەی ئامانج/فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، هێرشێکی ئاسمانی سەرکەوتویان کردە ئامانج.

ئاماژەی بەوەشکردووە، لە بۆردومانەکەدا حەشارگەکانی تیرۆریستانی داعش لە زنجیرە چیای حەمرین کراونەتە ئامانج و زیانی لە شانە تیرۆریستییە تێکشکاوەکان گەیەندراوە.
ئەوەشخستۆتەڕوو، تاوەکو ئێستا ژمارەی تیرۆرستە کوژراوەکان و ناسنامەکانیان نەزانراوە و دوای لێکۆڵینەوەکان بەفەرمی ئاماری کوژراوەکان و ناسنامەکانیان ئاشکرادەکەن.